

# کورد و فێمینیزم

*(بەشیدووهەم و کۆتایی)*

مستەفا زاهیدی
ms_zahidi@yahoo.com

### _هۆکاری کۆمەڵایەتی:

وێڕای باسکردن لە هۆکاری سیاسی و کەلتووری بۆ پێکهاتنی نابەرابەری نیوان ژن و پیاو، ئەوەی کە هەڵکەوتەی کۆمەڵگاش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر سەرهەڵدانی بزاڤێك بە هەر ئاراستەیەکدا، شتێکی حاشاهەڵنەگرە. کۆمەڵگا بەدەر نییە لە پێوەندی تاکەکانی کۆمەڵ کە ئەو پێوەندییە گرێدراوی زۆر شتە لەوانە ئایین، کەلتوور و... .

لە پۆلین کردنی کۆمەڵگادا دەبێ بلێین ئەمڕۆکە دوو جۆر کۆمەڵگامان هەیە

١) کۆمەڵگای داخراو

٢) کۆمەڵگای مەدەنی

کۆمەڵگای داخراو:

بەو چەشنە کۆمەڵگایانە دەوترێ کە ئازادی تاك تێیدا شتێکی نامۆیەو بە هۆی سکتاریسمی کەلتووریو دەسەڵاتداری ڕەهای سیاسییەوە ئازادی تاك پێشێل دەکرێو تاکی کۆمەڵگا بە گشتی دەبێ مل کەچی ئەو یاسا کەلتووریو ئاسمانی و زەوینیانە بن کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی نەگۆڕو سکتاریستەوە بە سەر کۆمەڵگادا داسەپاوەو ڕەنگە بووبێتە بەشێکی گەورە لە ژیانی کۆمەڵ.ئەم سکتاریسمە دەبێتە ڕێگرو لەمپەر لە بەردەم هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەدا . هەر بزووتنەوەیەك کە بیهەوێ دەسەڵاتداری ڕەهای ئەو بباتە ژێر پرسیارەوەو ڕەخنەی لێبگرێ. ئەم بزووتنەوەیە دەکرێ وەك بزوتنەوەیەکی ریفۆرم خوازانە بێ یان بزووتنەوەیەك بێ کە خوازیاری شۆڕش و نەمانی دەسەڵاتی ڕەها و سەرەڕۆ بێت.

لە کۆمەڵگای داخراودا تاك وەکوو مێگەل تەماشای دەکرێ لە لایەن دەسەڵاتداری ڕەهاوە. ئەو دەبێ بەردەوام ڕاستە ڕێ بگرێو مافی لادانی نییەو لە ئەگەری هەر لادانێك دا لە لایەن دەسەڵاتەوە سزا دەدرێ و بۆ دیاری کردنی چارەنوسی کۆمەڵگا مافێکی پێنادرێ. هەر بەو پێیەش ژن لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا زۆرتر وەك کۆیلە چاوی لێدەکرێ.

### کۆمەڵگای مەدەنی:

کۆمەڵگای مەدەنی بەو چەشنە کۆمەڵگایانە دەوترێ کە مرۆڤ تێیدا مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بە رادەیەکی زۆر پارێزراوەو وەك مرۆڤ تەماشای دەکرێ. لەم چەشنە کۆمەڵگایانەدا تاك دەتوانێ وەك تاك بوونی هەبێ.ئەمە ئەو شتەیە کە بەرهەمی خەباتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە بە تایبەت لە وڵاتانی رۆژاوا پاش رێنێسانس و دواتر رۆشنگەری و تەوژمی هیۆمانیزم کە دەتوانرێ وەك بەرهەمێکی رۆشنگەری و دواتر مۆدێرنییتە چاوی لێبکرێ. لەم کۆمەڵگایانەدا بیری تاك ئازادەو هیچ گشتێك نییە کە پاژەکانی کۆمەڵ لە خۆیدا بتوێنێتەوە. هەروەها هیچ بیرێکی ئاسمانی و زەوینی نییە کە یۆتۆپیا بۆ مرۆڤ درووست بکات و لادان لە ئامانجەکانی ئەو یۆتوپیایە بە بڤە بزانێ.هەڵبەت کە دەڵێن نییە بەو مانایەیە کە هەڵبژاردن بە دەس تاکەو هیچ گوشارێ نییە بەوەی کە ناچاریان کات ئەو بیرە هەڵبژێرن و لادان لە باکگراوندە دیاری کراوەکان بە نافەرمانی مەدەنی بزانێ. بە گشتی دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بە پێچەوانەی کۆمەڵگای داخراو تاك بە رادەیەکی فەراوان ئازادە لە هەڵبژارنەکانیداو تاك وەك تاك بوونی هەیە نەك وەك بەشێك لە مێگەل. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە تاك سەرەڕۆیانەو بە کەیفی خۆی هەر کارێ کە پێی خۆش بێ بیکات. بەڵکوو لە کۆمەڵگا مەدەنییەکانیشدا یاسا دەسەڵاتدارە.بەڵام کە دەوترێ یاسا جیاوازی نێوان یاسای کۆمەڵگای داخراوو کۆمەڵگای مەدەنی ئەوەیە کە لەکۆمەڵگای داخراودا دەسەڵاتێکی ئاسمانی و کەلتووری و یان نا، زەوینی و نادیمۆکراتیك بە سەر کۆمەڵگادا زاڵە . بەڵام لە کۆمەڵگای مەدەنیدا یاسایەك دەسەڵاتدارە کە زەوینییەو لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوەو بۆ ئاسایشی کۆمەڵ دامەزراوە. لێرەدا تاکێکی نەیاری ئەو یاسایە تەنانەت وەك تاکیش دەتوانێ رەخنە لە یاسا بگرێ ،چونکە هیچ شتێ پیرۆز نییە.کە دەڵێین پیرۆز مەبەست ئەو باکگراوندو چوارچێوانەیە کە لە لایەن زۆربەی ئایدۆلۆژیا ئاسمانی و هەروها هەندێ لە کولتوورەکانەوە دیاری کراوە کە وەك پیرۆزە دەناسرێن و رەخنەگرتن لێیان بڤەیەو گۆڕانیان تێدا نییە.بۆ وێنە مەکتەبی ئەرستۆکراتی یەکێك لە پیرۆزەکانی رۆژئاواو تەنانەت ئایینی مەسیحییەتیش بوو ،بەتایبەت لە چاخی ناوەڕاستدا کە لادان لێیان قەدەغە بوو.بەڵام پاش دەورەی رێنێسانس و شۆڕشی رووناکبیرانی ئەو کات دژ بە کەنیسەو بیری ئەرەستۆکراتی ئەو تابۆیانە شکان. تا ئەو ئاستەی کە گالیلە وتی کە زەوی گردە. یان مێکەلانژ پەیکەرەی داوودی بە رووتی کێشا.هەرچەن ئەمانە لە لایەن بیری کۆنسێرڤاتیڤی کەنیسەوە هێرشیان کرایە سەر بە شێوەیەك کە دەڵێن گالیلە وتی:"ئەی زەوی قەسەم بە گردیت تۆ گرد نیت."




بەڵام لە کۆمەڵگای مەدەنی دا ئیتر ئەو تابۆیانە دەشکێ و تاك دەتوانێ وەك تاك رەخنەبگرێ لەو شتانەی کە بەدڵی نییە. هیچ بیرێکی کۆن و هیچ پیرۆزەیەك نییە کە مافی رەخنەگرتن و هێنانە ئارای بیری تازەی لێ بگرێ.

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە کۆمەڵگای کوردی لە کام بەش لەم پۆلین بەندیانا جێدەکرێتەوە؟.

بێگومان ئەگەر ئەمڕۆکە ئێمە چاوێك لە باروودۆخی رامیاری و کەلتووری کوردستان بکەین دەبینین کە کوردستان بە زۆر هۆکار هێشتا کۆمەڵگایەکی

داخراوه یان یاسای ئەو کۆمەڵگایانە بەسەریدا زاڵە کە پێویستی بە شۆڕشێکی کولتووری‌و سیاسی هەیە . شۆڕشێك کە بتوانێ هەموو بناخەکانی ئەو فەرهەنگانە بڕووخێنێ کە بە درێژایی مێژوو بە پاڵپشتی دەسەڵاتدارە کۆنەپارێزەکان بە سەر کۆمەڵگادا زاڵ بووە. ئێمە ئەمڕۆکە کۆمەڵگای کوردی بە کۆمەڵگایەکی پڕ لە پیرۆزی دەبینین. هەنووکەش مزگەوت وەك ماڵی خودا پیرۆزترە لە مەکتەب. تا ئیستەش کوشتنی کۆترەبارێکەو جاڵجاڵووکە قەدەغەیە. (هەڵبەت نەك وەك دیدێکی ژینگە پارێزانە بەڵکوو وەك دیدێکی ئایینیانە) تا ئێستەش وشتر بەرزتر لە مرۆڤە. دارخورما داری پیرۆزەیە.ئیشتەش پیرشالیارو وەیسی قەرەنی‌و شێخ‌و ئەسحابەکان چارەسەری بەشێك لە نەخۆشییەکانن نەك دوکتۆر. تا ئەمڕۆکەش کە سەدەی ٢١ه بازاڕی دەروێش‌و شێخی درۆزن لە کوردستان گەرمەو، تا هەنووکەش کۆڕی زکری تەکییەکان حەوت کۆلان دەڕوا. تا ئێستەش جگەرە کێشان‌و شت خواردن لە رەمەزاندا قەدەغەیە. پێکەوە بوونی کچ‌و کوڕێك کە یەکتریان خۆش دەوێ بێشەرەفییە بۆ بنەماڵەکان. دەتوانین بڵێین زۆرتر تا هەنووکەی تر تا ئێستە لای ئێمە هەر بوونیان هەیە کە وا دەکەن کە کەلتوورمان کەلتووری وڵات‌و نەتەوەیەکی دواکەوتوو بێ.

## _چی کردن بۆ نەمانی ئەو کۆسپانە

ئەوەی تا ئێستا ئاماژەم پێدا بەشێك لەو هۆکارانە بوون کە رێگرن لە بەردەم بیچم گرتنی بزووتنەوەیەکی بەرینی فێمینیستی لە کۆمەڵگای کوردستاندا. بەڵام ئێستا پرس ئەوەیە چی بکەین بۆ نەمانی ئەو کۆسپانەو چۆن دەتوانین رێخۆشکەر بین لە بەردەم بیچم گرتنی وەها بزووتنەوەیەکدا بە شێوەیەکی گەرم‌و گوڕ. کە من دەڵێم بە شێوەیەکی گەرم‌و گوڕ، مەبەستم ئەوەیە نکوڵی نەکەم لەو خەبات‌و بزووتنەوەیەی کە ئێستە هەیە ،هەرچەن تازە فرچکی گرتبی‌و لە دارەدارەشدا بێ.

١) یەکەم شت کە دەبێ ئێمە بزانین ئەوەیە بەو هۆیەی کە چەمکی فێمینیزم چەمکێکە کە سەرەتا لە رۆژئاواوە سەری هەڵداوە رەنگە بە زۆر هۆکار گەر دەقاو دەق بیگوێزینەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی نەتوانێ کاردانەوەیەکی وەهای ببێ. هەر بۆیە من لام وایە فێمینیزمی ئێمە دەبێ دەرکێکی قووڵی لە چەمکانە ببێ‌و بە خوێندنەوەی ئەو چەمکانەو دەرك کردنی واقیعی کۆمەڵگای کوردی ئەو چەمکانە بگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی. یان شتێکی‌تر هەیە ئەویش ئەوەیە بەو هۆیەی کە کۆمەڵگایەك نییە کە مێژوویەکی خوێندەواری هەبێ پێدەچێ ئێمە تێگەیشتنمان لەو چەمکە وەك زۆربەی ئەو چەمکانەی کە لە رۆژئاواوە هاتوونەتە لای ئێمە تێگەیشتنێکی کاڵفامانە بێ هەر بۆیە پێویستە فێمینیستی کورد بە وشیارییەوە لە گەڵ ئەم دیاردەیەش رووبەروو ببێ‌و هەوڵ بدا بۆ گواستنەوەیەکی دروستی ئەو چەمکانە

٢) دووهەم شت کە دەتوانێ رێخۆشکەر بێ هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی کۆمەڵگای کوردییە وەك کۆمەڵگایەکی داخراوو نامەدنی. بەم مانایە خەبات بۆ رزگاری ژن لە خەبات بۆ دێمۆکراسی و رزگاری جیاواز نییە. چونکە وەك پێشتر و لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا بە داخەوە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی داخراوە کە لەوێدا ئازادی تاك بوونی نییەو بە هۆی کەلتووری ئیسلام‌وخێڵەکیەوە ژن وەك بوونەوەرێ چاوی لێدەکرێ کە بەشێکە لە بوونی پیاوو خێڵ.

سێهەم رێکار کەڵك وەرگرتنە لە یاسا. من لام وایە فێمینیستی ئێمە دەبی هەوڵ بدات بچێتە سەنتەری بڕیاردانەوەو لەوێوە، لە رێگەی یاساوە هەوڵ بدات بۆ لەبار کردنی دۆخی ژیانی ژنی کورد. بەشداری

زۆرتری ژنان لە دامودەزگا حیزبی و دەوڵەتی و هەموو سەنتەرەکانی بریادان دەبێ بەشێك لە داخوازی بزوتنەوەی ژنان بێ.

٣) کەڵك وەرگرتن لە میدیا و رۆژنامە بە مەبەستی کاری رەوشنگەری لە ناو کۆمەڵگادا. هێشتا ئەم بوارە بە تەواوی کەڵکی لێوەرنەگیراوە و چالاکی لەم بوارەدا کز ولاوازە یان دەکرێ بڵێین کە کاری بە ئاگا هێنانەوەی ژنی کورد زۆر بواری ماوە کە دەبێ بە ئازایی ببردرێت.

٤) پتەو کردنی پێوەندی نیوان خەباتکارانی ژن لە هەمو بوارەکانی بەرهەنگی، سیاسی و کۆمەلایەتی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، بە بێ سکتاریسم و بە قبوڵی جیاوازی بیرورای سیاسی لە یەکتر.

٥) ساز کردنی پێوەندی چڕوپڕ لەگەڵ بزوتنەوەی ژنان لە ولاتانیترو هەمو دامەزراوە و سەنتەرەکانی نێو نەتەوەیی پارێزگاری لە مافی ژن.

بێگومان چەمکی فێمینیزم بە شێوەیەکی ئاکادمیك (زانستیانە) لەو چەمکانەیە کە هەنووکە لە پانتای رۆشنبیری جیهانیدا وەك چەمکێ کە هەوڵ ئەدا بۆ یەکسانی نێوان مرۆڤەکان (دوو رەگەزی نێر و مێ) ئیشی پێدەکرێ. فێمینیستەکان کە بێگومان دەتوانین وەك شۆڕشگێڕانی دەورەیەك لە مێژوو ناویان لێببەین هەستانەوە دژ بە سیستەمی باوك مەزنی لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا. بۆ ئاشنایی زۆرتری خوێنەران بە پێویستم زانی کورتە پێناسەیەکی رەگە فیکریە جیاجیاکانی فیمینیزم باس لێبکەم تا بەڵکو ببێتە هۆی لێکۆڵینەوەی زۆرتری خوێنەران.

## _ *فێمینیزم چییە؟*

## What the feminism means?

فێمینیزم وشەیەکی فەرانسەییە کە لە سەدەی نۆزدەهەموە بە بزووتنەوەی ژنان بۆ بەدەست هێنانی مافی یەکسانی دەوترێ ئەم چەمکە ئەمڕۆکە بەبزووتنەوەیەك دەوترێ کە هەڵدەستێ بە داکۆکی و بەرگری لە مافی رەگەزی مێ. بەڵام بە تێپەڕ بوونی زەمان ئەم رەوتە بوو بە رەوتێکی سیاسی و هاتە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە. ئەندێشەی فێمێنیزم لە راستیدا هەمان بزووتنەوەی ژنانە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی رەوشنگەری ئۆرووپا و راپەڕینی ئەم قارەیە لە خەوی قورسی "چاخی ناوەڕاست". بەڵام شۆڕشی گەورەی فەرانسە بۆچوونی یەکسانی مافی مرۆڤ بۆ یەکمجار بە شێوەیەکی داڕێژراو گەڵاڵە کرا.

هەندێ لە بیرمەندان لایان وایە کە بە جێگەی وشەی فێمینیزم باشتر وایە بوترێ فێمینیزمەکان. چونکە رەوتە جیاوازەکانی فێمێنیزم هێندە بەربڵاون کە ناکرێ لە ژێر ناوی یەك چەمکدا کۆیان بکەینەوە (هەرچەن مەبەستی هەموو ئەم رەوتانە گەیشتن بە یەکسانی ژن و پیاوە و بە شێوەی جۆراجۆر و لە روانگەی جیاوازەوە).

## _ *لیبراڵ فێمینیزم (liberal_feminism)*

فەلسەفەی لیبراڵیزم لەگەڵ گەشەی سەرمایەداریدا سەری هەڵدا و بە باوەڕ بە یەکسانی مرۆڤەکان، خوازیاری دێمۆکراسی و یەکسانی مرۆڤەکانە. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە بوو بە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. بە شێوەیەك کە ئەم گۆڕانە هەرتك رەگەز واتە ژن و پیاوی گرتەوە و ژیانی تووشی

گۆڕان کرد. ژنانی بورژوا دژ بە دیکتاتۆرییەتی پیاوان لە ماڵەوە هەستانەوە. وەك چۆن پیاوان رەخنەیان لە پێکهاتەی سیاسی وڵات دەگرت و پێکهاتەی دیکتاتۆرییەتی وڵاتیان رەت دەکردەوە.

هەر بۆیە ساڵی ١٧٠٠ زایینی (مری ئاستیل) ئەم پرسیارە دێنێتە گۆڕ:

"ئەگەر دەسەڵاتداری رەها (دیکتاتۆرییەت) لە وڵاتێکدا پێویست نییە، ئەی بۆچی لە بنەماڵەدا پێویستە؟ ئەگەر بۆ بنەماڵە پێویستە ئەی بۆ وڵات بۆ پێویست نییە؟ ئەگەر هەموو مرۆڤەکان ئازاد لە دایك دەبن ئەی بۆچی دەبێ هەموو ژنان کۆیلە لە دایك بن و بوون و نەبوونیان بە پێی کۆیلە بوونیان دەبێ قۆرخی پیاو کرابێ؟"

لیبراڵ فێمیستەکان لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا هەوڵی زۆریاندا بۆ ئەوی بیسەلمێنن کە ژن و پیاو یەکسانن. پێڕەوکەرانی ئەم بۆچوونە بنەماڵە بە پێکهاتەی بنچینەیی کۆمەڵگا دەزانن. بەڵام هەرچەن ئەم تیئۆرییە بوونی خێزان و بنەماڵە بە شتێکی سروشتی دەزانێ، کەچی دابەشکردنی کار بە پێی رەگەز بە سروشتی نازانێ و هێرش دەکاتە سەر ئەم شێوەدابەشکردنەی کار و هەول ئەدات بۆ گۆڕینی.

لیبراڵ فێمینیستەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا خوازیاری یەکسانی ژن و پیاو بوون لە ژێر چەتری یاسادا و لایان وابوو کە دەبێ بە پێی یاسا مافی یەکسان ژن و پیاو بە رەسمییەت بناسرێ. سەرئەنجام لە سەدەی بیستەمدا خوازیاری رێفۆرمی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بوون بۆ مسۆگەر کردنی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا.

وەك ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەم بۆچوونە لە سەر بنەمای بیری یەکسانی مرۆڤەکان (ژن و پیاو) دامەزراوە. ئەم بۆچوونە هەوڵیدا تا رەنگدانەوەی بیروڕای خۆی بە سەر یاسا و مافەکاندا داسەپێنێ تا بەو شێوەیە هەڵاواردنی دژە ژن نەمێنێ و ژنانیش خاوەنی مافی یەکسانی بن لەگەڵ پیاواندا ئەم کەڵك وەرگرتن لە یاسایە بوو بە هۆی ئەوەی کە بیری یەکسانی خوازی ئەوان تەشەنە بکاتە ناو پانتای کۆمەڵگا و رەنگدانەوەکەی لە کۆمەڵگادا ببینرێ و ئەنجامی ئەم رەنگدانەوەیە بوو بە هۆی ئەوەی کە ژنانیش وەك پیاوان بە خاوەن دەنگ بژمێردرێن و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا سەرقاڵی ئیش کردن و وەك پیاوان هەڵی یەکسانیان بۆ برەخسێ.



لەم بەشە لە فێمینیزمدا دەکرێ لیبراڵیزم وەك بنەمای سەرەکی چاوی لێبکرێت. چونکە لیبراڵیزمی کلاسیك کە لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ دا باو بوو ئازادی بە دوو جۆر پۆلێن بەندی دەکرد.

١) ئازادی پۆزەتیڤ: کە لەم شێوەیەدا مرۆڤ خاوەنی بەها و ئیمتیازە

٢) ئازادی نیگەتیڤ: لە ئازادی نیگەتیڤدا هەر شێوە دەسەڵاتدارییەك رەت دەکرێتەوە. واتە تاك دەبێ سەرەتا لە ژێر چەتری دیکتاتۆرییەت و دەسەڵات رزگاری ببێ و ببێ بە تاکێکی سەربەخۆ، ئەو کات مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەیە.

بە واتایەکی‌تر دەتوانین بڵێین لیبراڵیزم هەڵقوڵاوی هەل‌ومەرجێکە کە بە سەر کۆمەڵگادا زاڵە. وەك ئەوەی لە وتەکانی "مری ئیستیل"دا هاتووە. زاڵ بوونی لیبرالیزم بە سەر کۆمەڵگا و رەت کردنەوەی دەسەڵاتداری

رەها دەبێتە هۆی ئارامشی نێوان مرۆڤەکان و ژیانێکی ئارام بۆ تاکی کۆمەڵگا مسۆگەر دەبێ و سەرەنجام ئەم دروشمانە وەك دروشمی سەرەکی سەر هەڵدەدەن:

١) مرۆڤەکان یەکسانن و هیچی فەڕی بە سە رئەوی ترەوە نییە.

٢) رەت کردنەوەی دەسەڵات و ئیمتیازێ بە ناوی ئازادی بە پێی بنەماکانی لیبرالیزم بۆ هەمووان پەسەن دەکرێ.

٣) کەوایە ئەم مافانەش بۆ ژنان بە رەوا دەزانرێ.

خاڵی سێهەم یەکێك لە بنەماکانی سەرهەڵدانی تیۆری لیبراڵ فێمینیزمە. لە راستیدا دەکرێ بڵێین لیبراڵیزم تیۆرییەکە کە لە سەر بنەمای ئاڵوگۆڕ لە دۆخی کۆمەڵگا دامەزراوە و بە پێی ئەم تیۆرییە بانگەشەی ئازادی هەموو تاکێکی مرۆڤایەتی دەکات. کەوایە ئەم بانگەشەیە ئەو نیوە لە کۆمەڵەیش (ژنان) دەگرێتەوە کە بە درێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ لە لایەن رەگەزی بەرامبەر چەوساوەتەوە.

## _سۆسیال فێمینیزم (فێمینیزمی مارکسیستی)

مارکس لای وایە بە ناسینی چەمکی "چین" هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەرك دەکرێ. ئەم تیۆرییە رەخنە دەگرێ لە بارودۆخی مێژوویی و ماددی چەوساندنەوەی چین و نەتەوە و کەمایەتی و رەگەزە جۆراوجۆرەکان. هەروەها خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییە لە بنەما کۆمەڵایەتییەکاندا و هەوڵدەدات کەسایەتی ژنیش بە پێی تئۆری مارکسیستی لێك بداتەوە. بە پێی ئەو تیۆرییە سروشتی مرۆڤ شتێکی نەگۆڕ و چەسپاو نییە. بەڵکوو بە پێی وتەی مارکس مرۆڤیش وەك هەموو شتەکان لە گۆڕاندایە مارکسیستەکان لایان وایە "هەموو شتێك دەگۆڕدرێ، تەنیا گۆڕانە کە ناگۆڕێ."

فێمینیستە مارکسیستەکان لایان وایە کە جیاوازی رەگەزی نێرومێ بە هۆی گۆڕانکارییە مێژووییەکانەوە دروست بووە. بۆ وێنە فریدریش ئەنگڵس لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو وەرچەرخانە مێژووییەی کە روویدا لە کۆمەڵگای دایك سالارییەوە بۆ باوك مەزنی، تەنیا دۆڕانێکی گەورە نەبوو بۆ رەگەزی مێ، بەڵکوو سەرەتای، سەرەتایەك بوو بۆ گەشە کردنی خاوەندارێتی تاکەکەسی. کە بە پێی تیۆری مارکسیزم خاوەندارێتی تاکەکەسی و دەورێکی گەورە دەگێڕێ لە چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ.

هەروەها ئەم تیۆرییە لای وایە کە ژنان بە سەربەخۆی ئابووری دەتوانن هەنگاوی گەورە هەڵبگرن بۆ رزگار بوون لەو کۆیلەتییەی کە لە لایەن کۆمەڵگای پیاوسالاری و بیری چەوسێنەرانەیەوە بە سەریدا داسەپاوە.

لایەنگرانی فێمینیزمی سۆسیالیستی کە بە گشتی دەکرێ وەك تاکێکی چەپ چاویان لێبکرێ، بە پێی تئۆرییە مارکسیستییەکان هەوڵ دەدەن بۆ یەکسانی نێوان دوو رەگەزی نێرومێ. هەروەها هەندێ لە بیریارانی ئەم رەوتە باوەڕیان بە کۆمۆنیزم هەیە.

سەرەنجام ئەوەی کە دەبێ بوترێ ئەوەیە کە فێمێنیستە مارکسیستەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە بنەماڵە شتێکی جیا نییە لە پێوەندییەکانی کار لە کۆمەڵگای فراوانتردا. چونکە شێوازە جۆراوجۆرەکانی زاڵبوونی پیاو و ژێردەستی ژن هەر هەمان شێوازە کە لە سیستمی بەرهەمهێناندا بەدی دەکرێ. واتە چۆن لە سیستەمی بەرهەمهێناندا خاوەن سەرمایە چەوسێنەر و کرێکار چەوساوەیە، لە سیستەمی بنەماڵە پیاو چەوسێنەر و ژن چەوساوەیە. چونکە هەرتك دیاردە (پەیدابوونی چەوساوە چەوسێنەرە بە هەرتك شێوە)

دەرەنجامی ئەو گۆڕانە مێژووییەیە کە لە کۆمەڵگای دایکسالارییەوە بەرەو کۆمەڵگای باوك مەزنی رووی‌دا.

### _فێمینیستە رادیکاڵەکان (eminism radical_separatist)

ئەم رەوتە هەوڵ ئەدات بۆ سڕینەوە و لە بەین بردنی پێکهاتەی هەر شێوە جیاوازییەکی جینسی. هەروەها هەوڵی ئەوەیە نە تەنیا جیاوازی دوو رەگەز لە پانتای یاسا و کار و پێوەندی تاکەکەسی‌دا ناهێڵێ، بەڵکوو دەیهەوێ هێرش بکاتە سەر ئەو باکگراوەندە فیکرییەی کە لە دوو رەگەزدا هەیە ئەم رەوتە جەخت دەخاتە سەر بواری بیۆلۆژیکی و بەکەم زانینی ژنان لە بواری بیۆلۆژیکییەوە بە یەکێك لە هەنگاوەکانی چەوساندنەوەی ژن دادەنێ و لای وایە چەوساندنەوەی بیۆلۆژیکی شتێکە کە پێش چەوساندنەوەی چینایەتی و نەژادی بوونی بووە. بەو پێیە جەخت دەکاتە سەر جیاوازییە بیۆلۆژیکییە_سێکسییەکان کە وەك هۆی چەوساندنەوەی ژن لە لایەن سیستمی پیاو مەزنییەوە بەکارهێنراوە و دەیهەوێ بە شێوەیەکی دەروونناسیانە لە چۆنیەتی جیاوازی نێوان دوو رەگەزی نێرومێ بگات. لەم بوونەدا سێکس پێوەندییەکی قووڵی هەیە بە پێکهێنانی دەروونی ژنەوە و بە یەکەم دوژمنی سەرەکی ژن دەناسرێ.

هەرتك تیۆری فێمێنیزمی رادیکاڵ و سۆسیال فێمێنیزم بنەماڵە بە گەورەترین ئامرازی چەوساندنەوەی ژن دەناسن لە رێی کۆنترۆڵ کردنی توانا سێکسییەکانییەوە.

### فێمینیزمی پۆست مودێرن (postmodern_feminism)

بیری پۆست مودێرن سەرەتاکانی دەیەی ١٩٤٠ سەرەتا لە هونەری بیناسازییەوە سەری هەڵدا بە تێپەڕی بوونی زەمان و بە تایبەت پاش دەیەکانی ١٩٦٠ لە سەر دەستی بیرمەندانێکی وەکوو میشێل فۆکۆ و لیوتار و هتاد بوو بە رەوتێکی گشتی کە لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی رۆژئاواییدا رەنگی دایەوە، هەر لە هونەرەوە بگرە تا دەگاتە هزر و ئەندێشە وسیاسەت و...

ئەم رەوتە کە بە رەخنە لە مۆدێرنیزم هاتبووە ئاراوە زۆر زوو توانی بێتە گۆڕەپانی رۆشنبیری جیهانییەوە. بە شێوەیەك کاریگەری ئەم رەوتە لە مۆدێرنیزم بوو بە هۆی سەرهەڵدانی رەوتێکی پۆست مۆدێرن لە ناو فێمێنیزمەکاندا.

لایەنگرانی ئەم رەوتە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژن پێویستی بە بنەماڵە، هاوسەر و منداڵ هەیە و جۆری پێوەندی نیوان کوڕ و کچ هەر لە سەرەتای لەدایك بوونیانەوە دەبێتە هۆی جیاوازی و هەڵاواردن لە نێوان کوڕوکچ دا.

بەم شێوەیە لایەنگرانی ئەم رەوتە وێڕای ئەوەی هەوڵ دەدەن بۆ یەکسانی دوو رەگەزی نێرومێ_ کە لایەنگری ئەم بۆچوونە چۆنییەتی پەروەرش هەروەها پەروەردە بە شێوەیەکی کاریگەر دەزانن بۆ یەکسانی و نەبوونی هەڵاواردن لە نێوان دوو رەگەزی _ رەخنە دەگرن لە رەوتەکانی پێشخۆیان بە تایبەت دوو رەوتی فێمینیزمی سۆسیالیستی و رادیکاڵ فێمینیزم کە بنەماڵە و بە وەچ خستنەوە بە گەورەترین ئامرازی چەوساندنەوەی ژنان دەناسن لە لایەن کۆمەڵگای پیاو مەزنییەوە.

## _فێمینیزمی ئایینی

بێگومان شەپۆلە فێمێنیزمەکان و بیری یەکسانی ژن و پیاو لە جیهاندا بیرێك بوو سەرەڕای ئەوەی لە لایەن بیری کۆنسێرواتیڤی کۆمەڵگاوە دژایەتی دەکرا، زۆر زوو تەشەنەی سەند و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بە شێوەیەك کە تەنانەت ئایینەکانیش بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان لەگەڵ ئەم بیرەدا بساچێنن رەوتێکیان دامەزراند بە ناوی فێمینیزم ئایینی. لایەنگرانی فێمینیزمی ئایینی دەیانەوێ بە پاساوی ئایینی و لە چوارچێوەی ئایینە جۆراوجۆرەکاندا هەوڵ بدەن بۆ بەدەست هێنانی هەندێ لە مافەکانی ژنان لە چوارچێوەی ئەو ئایینانەدا. لایەنگرانی فێمێنیزمی ئایینی خوازیاری ئاشت کردنەوەی دین و فێمینیزمن و جەخت دەکەنەوە سەر پێکهاتەی بنەماڵە و رەخنە لە تاکخوازی رادەبەدەر و پێویستی سەرنجدان بە هەل‌ومەرجە کەلتووری و ناوچەیی ژنان لە وڵاتە جیاوازەکاندا.

هەرچەن ئەم رەوتە هەوڵی داوە وەك رەوتێکی کاریگەر لە بواری کێشەی ژناندا خۆی نیشان بدات، بەڵام تەنانەت لە لایەن رەوتە فێمینیستیەکانی ترەوە هێرشی دەکرێتە سەر و رەخنەی لێدەگرن و بە رەوتێکی پارێزەری مافی ژن ناناسرێت. بۆ وێنە سۆسیال فێمینیستەکان جگە لە فاکتەری ئابووری و چین، ئایین بە فاکتەرێکی گرینگ دەزانن کە دەوری بووە لە چەوساندنەوەی ژناندا. مارکسیستەکان لایان وایە کە ئایین و سەرمایە دوو ئامرازن بە دەست چینی چەوسێنەرەوە. بۆیە هێرش دەکەنە سەر ئەم رەوتە و بە رەوتێکی چەواشەکاری دەزانن. هەروەها رادیکاڵ فێمینیزمەکانیش کە هەوڵ ئەدەن بۆ سڕینەوەی هەر شێوە جیاوازیەکی بیۆلۆژیکی لەگەڵ فێمینیزمە ئایینییەکاندا لە سەداسەد ناتەبان. چونکە بنەمای فێمێنیزمی ئایینی ئایینە و سەرجەم ئایینەکان ئەو جیاوازییە بیۆلۆژیکییە وەك خاڵێکی گرینگ دەزانن لە مانیفیستی خۆیاندا و ئەو جیاوازییە بە رەسمی دەناسن. هەروەها لایەنگرانی ئەم رەوتە جگە لەوەی کە ئەم رەوتە بە رێخۆشکەرێك بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی ژنان نازانن، بەڵکوو بە لەمپەرێکیشی دەزانن لە گەیشتنی ژنان بە مافە رەواکانی خۆیان. چونکە لایان وایە دەستەبەر بوونی مافەکانی ژنان لە ژێر چەتری ئایینەکاندا مسۆگەر نابێ.

ژێدەر:

- تەوار ژمارە ٨
- کتێبی کۆمەڵگای مەدەنی، نووسینی: جەبار ئاسۆ